Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

TURVAPAIKKA-, MAAHANMUUTTO- JA KOTOUTTAMISRAHASTO
Euroopan unionin tuella

# چاوپێکەوتنی پەنابەری لە فەرمانگەی کۆچدا

تۆ بانگهێشت کراویت بۆ چاوپێکەوتنی پەنابەریی فەرمانگەی کۆچ. بە وردی ئەم ڕێنماییە بخوێنەرەوە کە باس لە ماف و ئەرکەکانت دەکات لە چاوپێکەوتنەکەدا. ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە سەبارەت بەم ڕێنماییە، دەتوانیت لە سەرەتای چاوپێکەوتنەکەدا پرسیار لە کارمەندی فەرمانگەی کۆچ بکەیت.

## مەبەست لە چاوپێکەوتنەکە چییە؟

- تۆ داوای پەنابەریت لە فینلەندا کردووە. لە چاوپێکەوتنەکەدا ئەو هۆیانە ڕوون دەکەینەوە کە لەبەر ئەوانە داوای پەنابەری لە فینلەندا دەکەیت و لەبەر ئەو هۆیانە ناتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت.
- گرنگە لەم چاوپێکەوتنەدا هەموو بنەماکانی داواکەت ڕوون بکەیتەوە. ئەگەر دوای چاوپێکەوتنەکە بنەمای نوێت بۆ هاتە ئاراوە، یان ئەگەر بتەوێت سەبارەت بەو بنەمایانەی کە هەتە زانیاریی نوێ بدەیت، دەستبەجێ فەرمانگەی کۆچ یان ئەو دادگایەی کە تانەکەت تاوتوێ دەکات ئاگادار بکەرەوە.
- لە جاوپێکەوتنەکەدا تەنها داوای پەنابەری تاوتوێ دەکرێت. ئەگەر دەتەوێت لە سەر بنەمایەکی دیکە داوای مۆڵەتی مانەوە (ئیقامە) بکەیت، دەبێت بۆ ئەوە داوانامەیەکی تایبەت پێشکەش بکەیت کە بە پارەیە. بنەمایەکی لەو جۆرەش دەکرێت بۆ نموونە پەیوەندیی خێزانی بێت.

## ئەو مافانە چین کە لە چاوپێکەوتنەکەدا هەتە؟

- تۆ لە چاوپێکەوتنەکەدا مافی ئەوەت هەیە کە پارێزەر بەکاربهێنیت. پارێزەر بەپێی بیرکردنەوەی خۆی بەشداری لە چاوپێکەوتنەکەدا دەکات.
- پێویستە تۆ خۆت پارێزەر پەیدا بکەیت. ئەگەر بۆ چاوپێکەتنەکە پارێزەریش پەیدا نەکەیت، دەتوانین چاوپێکەوتنەکە بەبێ پارێزەریش ئەنجام بدەین.

- لە چاوپێکەوتنەکەدا وەرگێڕی زمان هەیە. ئەرکی وەرگێڕ ئەوەیە کە بێلایەنانە هەموو ئەو شتانە وەبگێڕێت کە لە چاوپێکەوتنەکەدا دەوترێن. وەرگێڕ یان لە شوێنەکەدا ئامادە دەبێت یانیش دەتوانێت بە تەلەفۆن یان لە ڕێگەی پەیوەندیی ڤیدیۆییەوە وەرگێڕان بکات.
- چاوپێکەوتنکار و وەرگێڕ و پارێزەر بەرپرسیارێتیی نهێنی پاراستنیان لە ئەستۆدایە، واتە ئەوان بۆیان نیە هیچ شتێک لەو شتانەی کە لە چاوپێکەوتنەکەدا گوێیان لێ دەبێت بۆ کەسانی دەرەکیی باس بکەن. بەهەر حاڵ ئەو شتانەی کە تۆ لە چاوپێکەوتنەکەدا باسیان دەکەیت بۆی هەیە کاریگەرییان هەبێت بۆ سەر تاوتوێکردنی داوانامەی ئەندامی خێزانەکەت. لەو جۆرە حاڵەتانەدا ئەو شتانە لە دۆسیەی ئەندامی خێزانەکەتدا ڕەچاو دەکەین. بەڵام دەشتوانین ئەو شتانەی کە تۆ باسیان دەکەیت لە ئەندامی خێزانەکەت بە نهێنی ڕابگرین ئەگەر ئاشکراکردنیان ببێتە هۆی مەترسی یان زیان بۆ تۆ یان کەسە نزیکەکانت. دەتوانیت لە چاوپێکەوتنەدا ڕای خۆت لەو بارەیەوە ڕابگەیەنیت.
- ئەو بەڵگەنامانەی کە پەیوەندییان بە تووەوە هەیە بەشێوەیەکی سەرەکی بە نهێنی دەپارێزرێن.

## ئەرکەکانت چین لە چاوپێکەوتنەکەدا؟

- ئەرکی تۆ ئەوەیە کە باسی ئەوە بکەیت و لەو بارەیەوە ڕوونکردنەوە بدەیت کە لەبەر چی داوای پەنابەریت پێشکەش کردووە. لە بەرژەوەندیی خۆتدایە کە لە جاوپێکەوتنەکەدا هەموو ئەو شتانەی کە کاریگەرییان بۆ سەر بابەتەکەت هەیە ڕاستگۆیانە بگێڕیتەوە.
- هەروەها ئەوەش لە بەرژەوەندیی خۆتدایە کە باسی شتە سەختەکان بکەیت. بۆی هەیە ئەو شتانە گرنگیی یەکلاکەرەوەیان هەبێت بۆ داواکەت.
- ئەگەر شتێکت لەبیر نەبوو یان نەتزانی، هەوڵ مەدە هەر لە خۆتەوە وەڵام بدەیتەوە. پێشکەشکردنی زانیاریی هەڵە باوەڕکردن بەو شتانەی کە باسیان دەکەیت لاواز دەکات.
- لە چاوپێکەوتنەکەدا زانیارییە کەسێتیە ڕاستەکانت ڕابگەیەنە. ئەگەر ئەو بەڵگەنامانەت نیە کە بەهۆیانەوە دەتوانیت ناسنامەی کەسێتیی خۆت پشتڕاست بکەیتەوە، پێویستە لەسەرت بەوپەڕی تواناتەوە هەوڵ بدەیت ئەو بەڵگەنامانە پەیدا بکەیت و پێشکەشی فەرمانگەی کۆچیان بکەیت. ئەو جۆرە بەڵگەنامانە دەکرێت بۆ نموونە بەڵگەنامەکانی ناسنامەی کەسێتی یان بەڵگەنامەکانی گەشت کردن بێت. بەڵام بەهەر حاڵ فەرمانگەی کۆچ ناتوانێت پابەندت بکات بەوەی کە بە شێوازێک ئەو ڕوونکردنەوانە پەیدا بکەیت کە ئاسایشی خۆت یان کەسە نزیکەکانت بخاتە مەترسییەوە. لە داهاتوودا تەنها بە بەڵگەنامەیەکی باوەڕپێکراو کە لەلایەن کاربەدەستانەوە پێت درابێت دەتوانیت ئەو زانیارییە کەسێتییانەی خۆت داوتە بگۆڕیت.
- فەرمانگەی کۆچ زانیارییە کەسێتیەکانت و بنەمای داواکەت لە سیستەمی تاوتوێکردنی کەیسەکانی کاروباری بیانیەکان دەپارێزێت، کە تۆمارێکی فەرمیە. پێدانی زانیاریی ناڕاست بە تۆماری فەرمی تاوانێکە کە سزای بەدواوەیە.
- پێشکەشکردنی زانیاریی ناسنامەی هەڵە بە کاربەدەستان بە پێی یاسا تاوانە و سزای بەدواوەیە.
- ئاگات لێ بێت کە، پێشکەشکردنی زانیاریی هەڵە یان شاردنەوەی زانیارییە ڕاستەکان بۆی هەیە لە داهاتوودا ببێتە هۆی پووچەڵکردنەوەی ئەو مۆڵەتەی کە دراوە و تاوتوێکردنی بابەتەکانی دیکەش ئاڵۆز بکات.

## چۆن باشە خۆت بۆ چاوپێکەوتنەکە ئامادە بکەیت؟

- بەر لە چاوپێکەوتنەکە خۆت ئاشنای هەموو ئەو ڕێنمایی و نامیلکانە بکە کە لەلایەن کاربەدەستانەوە پێت دراون. گرینگە کە هەردەم خۆت ئاشنای ئەو نامیلکانەش بکەیت کە پەیوەندییان بە ڕێکاری دبلنەوە هەیە. ئەگەر ئەو نامیلکانەت لا نیە، ئەوانە لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتی فەرمانگەی کۆچ لە migri.fi/esitteet دەدۆزیتەوە. نامیلکەکان لە ژێر ناونیشانی "Turvapaikka ja Dublin-menettely" دان.
- ئەگەر هۆیەکی پاساودارت هەبێت بۆ ئەوەی وەرگێڕەکە یان چاوپێکەوتنکارەکە ژن یان پیاو بێت، لە کاتێکی زوودا بەر لە چاوپێکەوتنەکە ئەو شتە بە کارمەندی ناوەندی پێشوازی بڵێ. ناوەندی پێشوازی داواکەت دەگەیەنێتە فەرمانگەی کۆچ. فەرمانگەی کۆچ ئەوە هەڵدەسەنگێنێت کە ئایا هۆیەکە پاساوی هەیە یان نا.

- ئەگەر باری تەندروستیی جەستەییت یان دەروونیت بە جۆرێکە کە لەوانەیە کاریگەریی هەبێت بۆ سەر چاوپێکەوتنەکە، ئەو شتە بە کارمەندی ناوەندی پیشوازی بڵێ. ناوەندی پێشوازی دەتوانێت بە ڕەزامەندیی خۆت پێش چاوپێکەوتنەکە پەیوەندی بە فەرمانگەی کۆچەوە بکات.
- خواردەمەنی یان پارەی نانی نیوەڕۆ لەگەڵ خۆتدا بهێنە .
- ئەو حەب و دەرمانانەی کە بۆ ئەو ڕۆژە پێویستت دەبێت لەگەڵ خۆتدا بهێنە.
- هەموو ئەو بەڵگەنامە و ڕوونکردنەوانە لەگەڵ خۆتدا بهێنە کە پەیوەندییان بە داواکەتەوە هەیە.
- منداڵ لەگەڵ خۆتدا مەهێنە ئەگەر بۆ چاوپێکەوتنەکە بانگهێشت نەکراون. ئەگەر بۆ کاتی چاوپێکەوتنەکە پێویستیت بە چاودێر هەیە بۆ منداڵەکەت، ئەو شتە لە کاتێکی زوودا بە کارمەندی ناوەندی پێشوازی بڵێت.
- لە کاتێکی زوودا لە شوێنەکە ئامادە بە. بڕێکی پێویست کات دابنێ بۆ ڕێگاکەت. لە لایەن ناوەندی پێشوازییەوە ڕێنماییت پێ دەدرێت کە چۆن بگەیتە فەرمانگەی کۆچ.

## لە ڕۆژی چاوپێکەوتنەکەدا لە فەرمانگەی کۆچدا بەم شێوەیە مامەڵە بکە

- ناتوانیت بەبێ هۆیەکی پەسەند چاوپێکەوتنەکە دوابخەیت. ئەگەر لە ڕۆژی چاوپێکەوتنەکەدا نەخۆش کەوتیت، دەستبەجێ ناوەندی پێشوازیەکەت ئاگادار بکەرەوە. پێویستە لەسەرت لە ماوەیەکدا کە ١ هەفتە زیاتر تێنەپەڕێت ڕاپۆرتی پەرستار یان دوکتۆری ناوەندی پێشوازییەکەت سەبارەت بە نەخۆشکەوتنەکەت بنێریت بۆ فەرمانگەی کۆچ. ئەگەر بەبێ هیچ هۆیەکی پەسەند ئامادەی چاوپێکەوتنی پەنابەرییەکە نەبیت، دەتوانرێت بەبێ چاوپێکەوتنیش بڕیار لەسەر داواکەت بدرێت.
- لە کاتی چوونە ژوورەوەدا لە فەرمانگەی کۆچ، دەکرێت پشکنینی ئاسایشت بۆ بکرێت.
- کارتی نەفەری ناوەندی پێشوازییەکە پێشانی پاسەوانی فەرمانگەی کۆچ بدە.
- تەنها ئەو کەسانەی کە بانگهێزی چاوپێکەوتن کراون و ئەو کەسانەی کە پێشوەختە لەگەڵ فەرمانگەی کۆچدا ڕێککەوتنیان کردووە بۆیان هەیە بێنە ژوورەوە بۆ شوێنی چاوەڕوانی.
- ئەگەر دەتەوێت کەسی پاڵپشتیکار لەگەڵتدا بێت، پێویستە خۆت یان کەسە پاڵپشتیکارەکە پێشوەختە بە نووسراو لەو بارەیەوە پرسیار لە فەرمانگەی کۆچ بکەن. لە حاڵەتەکانی تردا چاوپێکەوتنکار لە سەرەتای چاوپێکەوتنەکەدا بڕیار لەوە دەدات کە ئایا کەسی پاڵپشتیکار بۆی هەیە لەگەڵتدا بێت یان نا. کەسی پاڵپشتیکار پارێزەر نیە و بەشداری ناکات لە ڕوونکردنەوەی بابەتەکاندا.
- چاوپێکەوتنکار کارمەندی فەرمانگەی کۆچە. ئەو یان لە شوێنەکەدا ئامادە دەبێت یانیش لە ڕێگەی پەیوەندیی ڤیدیۆییەوە بەشداری دەکات.
- دەنگەکانی چاوپێکەوتنەکە تۆمار دەکرێت. هەروەها لە ژوورەکەدا کامێرای چاودێریش هەیە کە وێنەکان تۆمار دەکات.
- چاوپێکەوتنەکە بۆی هەیە ڕۆژێکی تەواو بخایەنێت. لە نیوەڕۆدا پشووی نانخواردن وەردەگیرێت و لە کاتەکانی تریشدا ئەگەر پێویست بکات پشوو وەردەگیرێت.هەموو کاتێک دەتوانیت داوای وەرگرتنی پشوو بکەیت.
- ئەگەر پێویست بکات چاوپێکەوتنەکە لە ڕۆژێکی تریشدا درێژەی پێ دەدرێت. لەو حاڵەتەدا لە پاش ماوەیەکی تر بانگهێشتنێکی نوێت بۆ دەنێردرێت.

## لە چاوپێکەوتنەکەدا چی ڕوو دەدات؟

- لە سەرەتادا چاوپێکەوتنکار باسی ئەوە دەکات کە لە چاوپێکەوتنەکەدا چی ڕوو دەدات و لەوەدا دڵنیایی دەکات کە لە تۆ مافەکان و ئەرکەکانی خۆت تێگەیشتوویت. ئەگەر لە شتێک تێنەگەیشتیت پرسیار بکە. ئەگەر لە وەرگێڕەکە تێنەگەیشتیت قسە بکە.
- ئەگەر وردەکاریی زانیارییە کەسێتییەکانت لەوە پێشتر ڕوون نەکرابێتەوە، چاوپێکەوتنکار لە پێشا لەو بارەیەوە پرسیار دەکات. پرسیاری ئەوە دەکات کە ئەندامانی خێزانەکەت کێن، لە کوێ ژیاویت و بە چی ڕێگەیەک هاتووی بۆ فینلەندا. چاوپێکەوتنکار ئەو شتانەشت لەگەڵدا ڕوون دەکاتەوە کە کاریگەرییان دەبێت بۆ سەر ئەوەی کە ئاخۆ داواکەت لە فینلەندا تاوتوێ دەکرێت لێکۆڵینەوەی لێ ناکرێت.

- دوای ئەوە ئینجا ئەوە ڕوون دەکرێتەوە کە لەبەر چی ناچار بوویتە کە وڵاتی خۆت جێبهێڵیت و لەبەر چی ناتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ ئەوێ. تۆش ئەو شتانەی کە ڕوویانداوە ڕاشکاوانە و ئەوەندەی بکرێت بە وردەکارییەوە باس بکە.
- چاوپێکەوتنکارەکە سەبارەت بەو ڕووداوانەی کە تۆ باست کردوون پرسیاری وردتر لێ دەکات. ڕاستگۆیانە وەڵام بدەرەوە. ئەگەر شتێک نەزانی یان لەبیرت نەبوو بڵێ.
- چەند پرسیارێکی دیاریکراوی گشتی هەیە کە لە هەموو داواکارانی پەنابەری دەکرێت. چاوپێکەوتنکار هەروەها بۆ نموونە ئەو پرسیارانەش لە تۆ دەکات کە هەڵوێستت چی دەبێت ئەگەر لە وڵاتەکە دەرت بکەن و قەدەغەکردنی هاتنەوەت بۆ وڵاتەکە لەسەر دابنرێت.
- فەرمانگەی کۆچ لە چاوپێکەوتنەکەدا دەتوانێت پرسیاری ئەو ڕوونکردنەوانەت لێ بکات کە دەکرێت کاریگەرییان هەبێت بۆ سەر چارەسەرکردنی بابەتەکەت. بۆ نموونە ئەگەر لە فینلەندا گومانی تاوانکاریت لەسەر بێت یان ئەگەر لە فینلەندا بەهۆی تاوانەوە حوکم درابیت، ئەوە بۆی هەیە کاریگەری بکاتە سەر تاوتوێکردنی بابەتەکە لە فەرمانگەی کۆچدا. فەرمانگەی کۆچ لە چاوپێکەوتنەکەدا ئەگەر پێویست بکات دەرفەتی ئەوەت دەداتێ کە ڕای خۆت لەو بارەیەوە بڵێیت.
- لە کۆتاییدا وەرگێڕەکە ئەو کۆنووسەت بۆ دەخوێنێتەوە کە چاوپێکەوتنکارەکە نووسیویەتی. ئەگەر تێبینی هەر شتێکی هەڵەت تیایدا کرد دەتوانیت بە چاوپێکەوتنکارەکە بڵێیت. هەروەها دەتوانیت شتی تریش لە کۆنووسەکەدا زیاد بکەیت. دوای ئەوە کۆنووسەکە واژۆ دەکرێت و نوسخەیەکی دەدرێت بە خۆت.

## فەرمانگەی کۆچ چۆن بڕیار دەدات؟

- لەسەر بنەمای داواکەت، بۆی هەیە مافی پاراستنی نێودەوڵەتیت پێ بدرێت، یان مۆڵەتی مانەوەت پێ بدرێت لەبەر هۆی تاکەکەسیی مرۆڤی، یانیش بەهۆی بوونە قوربانیی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە.
- فەرمانگەی کۆچ لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی کە لە چاوپێکەوتنی پەنابەرییەکەدا دەیدەیت لەگەڵ ئەو مەوادانەی کە پێشان دەدرێن بڕیار لە بابەتەکەت دەدات. هەروەها فەرمانگەی کۆچ دەتوانێت لە سەرچاوە گشتییەکاندا بەدوای ئەو زانیارییە سەرەکییانەدا بگەڕێت کە لە ڕووی بڕیارەکەوە پێویستن.
- فەرمانگەی کۆچ لە کاتی پێویستدا دەتوانێت سەبارەت بە ڕەسەنایەتیی بەڵگەنامەکانت لە وڵاتەکەی خۆتدا ڕوونکردنەوە پەیدا بکات. لەو بارەیەوە زانیاری نادرێت بە دەسەڵاتدارن و ڕوونکردنەوەکەش نابێتە مایەی مەترسی بۆ سەر خۆت یان کەسوکارەکەت.
- ئەگەر ویستت لە کاتێکی درەنگتردا ڕوونکردنەوەی زیاتر پێشکەش بکەیت، ئەو کارە بە نووسراو ئەنجام بدە. ئێمە لە تەلەفۆندا قسە لەسەر ئەو بابەتە ناکەین، چونکە ئێمە ناتوانین لە ناسنامەی ئەو کەسە دڵنیابین کە تەلەفۆنەکە دەکات.
- ئەگەر داواکەت ڕەتکرایەوە، دەتوانرێت دیپۆرت بکرێیت و قەدەغەی هاتنەوەشت لەسەر دابنرێت بۆ فینلەندا و ئەو وڵاتانەی کە سەر بە ڕێککەوتننامەی شەنگنن.
- ئەگەر داواکەت ڕەت کرایەوە یان خۆت داوای پەنابەرییەکەت بکشێنیتەوە، مافی ئەوەت دەبێت کە داوای یارمەتی پێشکەش بکەیت بۆ گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە. بۆ بڕیاردان لەسەر پێدانی یارمەتییەکە چەند مەرجێکی دیاریکراو هەیە و کاتێک کە داوای یارمەتییەکە پێشکەش دەکەیت وردبینی لەو مەرجانە دەکرێت. لە ناوەندی پێشوازییەکەتدا پرسیاری ئامۆژگاری بکە، یانیش لە ماڵپەڕی migri.fi/paluu پرسگەی خزمەتەکانی فەرمانگەی کۆچدا سەیری زانیاریی زیاتر و زانیارییەکانی پەیوەندیکردن بکە.
- ئەگەر دوای ئەوەی بڕیاری فەرمانگەی کۆچ بۆ ئەم داوایەی ئێستاکەت لە ڕووی یاساییەوە کارا بوو، تۆش بنەمایەکی نوێت هەبوو بۆ داوای پەنابەری، یەکسەر داوایەکی نوێ پێشکەش بکە. پێویستە بۆ ئەو مەبەستە هۆیەکت هەبێت کە بۆچی پێشتر باسی ئەو بنەما نوێیانەت نەکردووە. دەبێت هۆیەکە لەو جۆرە بێت کە خۆت نەتتوانیوە کاریگەریت لەسەری هەبێت. دوای ئەوە فەرمانگەی کۆچ هەڵسەنگاندن دەکات کە ئایا لێکۆڵینەوە لە داوا نوێیەکەت بکرێت یان نا.